**عەبدوڵڵا سەمەدی**

# تاسە

خۆشەویستم! ڕەنگە بیستبێ یا دیبێتت، ئەویندارێ، تامەزرۆیێ، لێوە و شەیدا و بێقەرارێ، کە لە نەکاو بگا بە ئاواتی لەمێژینەی؛ شاسواری خەیاڵەکانی قەفقەف و بێجەمسەری لە بەردەم خۆیا ببینێ؛ یا فریشتەی کۆلکەزێڕینەی خەونەکانی بێپسانەوەی شەوانی کڕ و تەنیایی لە عالەمی وشیارییا چاو پێکەوێ و توند ئامێزی تێوەرێنێ، قرِوقپ و کپوبێدەنگ دەتاسێت و هەر ئەوەندە.. ڕادەمێنێ. لاڵ دەبێت و سەری هەودای دوور و درێژی ڕازەکانی بزر دەکا. کەڕ دەبێت و چ نابیستێ.

منیش ئێستا، لە تاریکی شەوانی پایزا، کە هاشەی با و هووشەی گەڵا، هەناسەی ساردی دۆڵەکانی ناو چیا، حەز و تاسەم دەبزوێنن، دانەدانەی پڕزۆڵەکانی ناو لەشم لە تینوێتی یادی تۆدا لێوەکانیان وشك هەڵدێ و چرِژ دەبەن. شووڵی لاوازی پەنجەکانم تێکدەخەم و مێرغوزاری پێدەشتی خەونەکانم دەبڕم. چاوەکانم چ نابینن. بەرەو ڕووگەی یادی تۆ دێم. لەو کاتەدا هەورەکانیش دادەگەڕێن، وەکی ببنە فەڕشی بەر پێم.

تەم و مژی لووتکە و قەدپاڵ دەبنە هەزاران پەپوولەی باڵ زێڕکفت و لە خۆیانا دەمتوێننەوە و دەمبەن.. دەمبەن.. تا دەگەنە تاشە بلوورەکانی ئەڵماسی دەوری کانی.

ئائەودەمە کاڵەکانم بەجێدێڵم و گۆچانی پەلکە ڕەنگینەم لە قوڵ دەخزێ و لە سەر تاتی بەردەنوێژت ڕوو بە کانی سووژدە دەبەم. مروارێکانی ڕووندکم لە سەر سەهۆڵی ڕوومەتم خۆ ناگرن و دەنك دەنك دەخزێنە ناو درزەکانی دەوری کانی.

سەر هەڵدەبڕم، پەنجەکانم هەروا تێکدان. پێڵوەکانم ناترووکێنم. پەپوولەکان بەرز و نەوی لە ئاستی خۆیان مەییون. پێڵووی باڵیان ناترووکێنن. ئیتر منم و یادی تواوەیی زێوت، کەقورس و قایم  هەڵدەقوڵێت. هەر جارە تەنها یەك شەپۆل، سەنگین و مەند دەقوڵپێنێ و بە جۆگەلەی تەختەرێژی خرکە بەردا دادەگەڕێ. ئا ئێستایە کە کڕ دەبم؛  کە نابیستم. دەتاسێم و ڕادەمێنم. بۆیە شەوان، گەڵێ جاران دادەنیشم و لەگەڵ بیرم، گرِی مێشکم، پێلی زەینم، دەکەومە کێشە و ملانێ، بۆ نووسینی تەنیا پەڕێ، یاکوو دێڕێ، هەر وشەیێ، تاکە پیتێ لە پیاهەڵدانی نیشتمان، لە کوردستان. کەچی بێدەنگ ڕادەمێنم. گرفنچکی پەنجەکانم ناترازێن.

ئەویندارێکی بێدەنگم.

لێمت نەوێ پێت هەڵبڵێم،

لە ناز و جوانیتا بدوێم،

چونکە لە ئاستی دڵدارم

زمانم لاڵ، گوێچکەم گران، کوێرە چاوم.

پەریزادەی کەزیە خاوم!

کەپەپوولەی یادەکانت دادەبارن و

مژی تاسەم بەرەو لووتکەی تۆ هەڵدەکشێ
له ئاسمانی کەڵلەما،
کۆلکەزێڕینەیەك هەڵدێ؛
سوور و سەوز
زەرد و سپی..